پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە لەشگرانیەوە دەخەوت؛ بە بێ ئەوەی ئاو بەر پێستی بکەوێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە لەشگرانیەوە دەخەوت؛ بە بێ ئەوەی ئاو بەر پێستی بکەوێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش جیماع کردن دەخەوت بە بێ ئەوەی ئاو بەر پێستی بکەوێت (واتا: بە بێ ئەوەی خۆی بشوات یان دەستنوێژ بگرێت یان دامێنی -عەورەتی- بشۆرێت)، چونکە وشەی (ماء - ئاو) لەم فەرموودەیەدا بە شێوازی (النكرة) هاتووە لە ڕستەیەکی نەفیدا کە ئەمیش هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی ئاو دەگرێتەوە. ئەگەری دووەم: خۆی نەدەشۆرد، بەڵام دەستنوێژی دەگرت، وئەمیش بە پێی چەند گێڕانەوەیەکە کە دامێنی دەشۆرد ودەستنوێژی دەگرت بۆ خەوتن وخواردن وخواردنەوە وجیماع کردن. ولەوانەش فەرموودەی ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- کە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا بە لەشگرانیەوە بخەوین؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەڵێ، ئەگەر دەستنوێژی گرت (با بخەوێت)»[متفق عليه]. ولە عەماری کوڕی یاسرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی داوە بە ئەو کەسەی کە دەیەوێت بخوات یان بخواتەوە یان بخەوێت؛ دەستنوێژ بگرێت وەکو دەستنوێژگرتن بۆ ئەنجامدانی نوێژ».[رواه أحمد والترمذي وصححه]. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە، گشتگیری ئەم فەرموودەیە وەڵامی دەداتەوە. وباشترین وتە ئەمەیە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێک جار هەرگیز ئاو بەر پێستی نەدەکەوت (واتا: خۆی نەدەشۆرد ودەستنوێژی نەدەگرت ودامێنی نەدەشۆرد)؛ ئەمیش بۆ ڕێگەپێدان ودروستی ئەم کردەوەیە بۆ (الجواز)ە، چونکە ئەگەر بەردەوام ئەم کردەوانەی ئەنجام بدایە لە پاش لەشگران بوون ئەوا وا دەردەکەوت کە خۆشۆردن واجبە دەستبەجێ پاش لەشگرانی، وئەمیش بۆ ئاسانکارییە بۆ سەر ئەم ئومەتە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10543